ئەعرەجی جەختدەکاتەوە لە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی فەرماندەی گشتی لە بواردەکانی کاری هاوبەشدا

قاسم ئەعرەجی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی جەختی لە گرنگی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی فەرماندەی گشتی هێزەچەکدارەکان کردەوە بە پابەندبوون بە بواردەکانی کاری هاوبەشدا.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: ئەنجوومەنی هاوبەشی نیشتمانی دانیشتنی حەوتەمی خۆی بە ساڵی 2024 بە سەرکایەتی قاسم ئەعرەجی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ئەنجامدا و لە بوونی سەرکردەکانی کەمپەگەی هاوبەشی نیشتمانی.

ئاماژەی بۆشکرد : ئەنجومەن تاوتوێی ئەو بابەتانەی لە بەرنامەی کاردا کردووە، و بڕیار و ڕاسپاردەی پێویستی لەبارەیانەوە داوە، ئاماژەی بۆشکرد : ئەندامانی ئەنجومەن کورتەیەکیان لەسەر پلانی کاری داهاتوو پێشکەشکرد، جگە لەوەی باسیان لە دەسپێ ئەمنییە هاوبەشەکانی نێوان ناوبەند و هەرێم کرد، بە مەبەستی بەدەستهێنانی یەکگرتوویی و هەماهەنگی لە لایەنی ئەمنی و هاوبەشدا.

بەپێی بەیاننامەکە ئەعرەجی جەختی لە گرنگی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی فەرماندەی گشتیی هێزەچەکدارەکان، پێویست بە پابەندبوون بە بواردەکانی کاری هاوبەشی و پێشێیبوون لە ئەنجامدانی ئەرکە ئەمنییەکان کردەوە.